# کورد لە پەراوێزی ڕێککەوتنی ستراتیژی درێژخایەنی ئەمریکاو عیراقدا*

د. بورهان ا. یاسین
سوید 2009\8\29

## ناوەرۆکی باس

پێشەکی ------------------------------------ 2
پێشینەی مێژوویی ------------------------------ 2
جوگرافیای سیاسی ڕێککەوتنە ستراتیژەکە -------------- 3
کورد لە بنەماکانی ڕێککەوتنی ستراتیژیدا -------- ------ 4
گفتوگو ستراتیژیەکان لە زەمەنێکی تردا ---------- ----- 6
لایەنەکانی گەمە: هەڵوێست و ئەگەرەکان؟ -------------- 7
چ سیناریۆیەك ------------------------------- 9

## پێشەکی

ماوەیەکە زۆرێك لە ناوەندە سیسیاسی و میدیایی و دیپلۆماسی وە لە ئاستی جیاجیادا باسوخواس دەربارەی ئەو ریکّکەوتنە ستراتیژیەی ئەمریکا و عیراق دەکەن کە ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ دەکریێ. هەندێك لەو باسوخواسانە بە مەبەستی بەدواداچوون و هەندێکیشیان بە مەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێستی لایەنەکانی یا ئەکتەرەکانی پەیوەندیدار لەو رێککەوتنە. ئاشکراشە کە جگە لە هەڵوێستی رەسمی دەوڵەتی عیراق لە لایەك وە ئیدارەی ئەمریکی لە لایەکی تر، دەتوانین باس لە چەندین هەڵوێستی تر بکەین بە تایبەتی هی لایەنە جیاجیاکانی سەر پانتایی سیاسی لە عیراق. لە کۆی هەڵوێستەکان جگە لە هەندێکیان کە دەکرێ وەك رەش و سپی بخوێندرێنەوە، زۆر هەڵوێستی تر هەن کە نە ئەو رەش یا سپیەن و نە ئەو روون و راشکاوەشن.

مەبەستی ئەم وتارەی بەردەست لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە نیە لەو رێککەوتنە و ئەگەرەکانی پێشوەچوونی سیاسی و دیپلۆماسی پەیوەست پێیەوە. تا دەکرێ باسەکە سنورداردەکەم لە رێگەی مامەڵەکردنی بابەتەکە لە سۆنگەیەکی کوردستانیەوە. هەر زووش دەبێ ئەوە جختبکەینەوە کە لایەنی کوردی وەك پێویست، جا چ دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان یا هێزە سیاسیەکان وە چ میدیاکان، ئەو گرنگیە پێویستەیان بە بابەتی ئەو رێککەوتنە نەداوە. باسوخواسە کوردیەکان بە گشتی خۆشبینی بەرامبەر ئەو هاوپەیمانیە و ئەگەری مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی مانەوەیان لە کوردستان، لەخۆ دەگرن. هۆیەکی ئەم حاڵەتەش دەکرێ ئەو خۆشبینیە بێت کە لەم بارەیەوە بە گشتی تا ئێستا باڵی بەسەر بۆچوونی رەسمی دەسەڵاتی کوردیدا گرتووە.

## پێشینەی مێژوویی

لە راستیدا دەکرێ باس لە پێشینەی مێژوویی ئەو رێککەوتنە بە دوو شێوەی تەواو جودا بکەین، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانیەوە. یەکێکیان ئەو ئەزموونە مێژووییەیە کە کورد زووتر لە لەگەڵ دەوڵەتی عیراق هەیبووە بەر لە سەربەخۆبوونی عیراق (هەڵبەتە هی رەسمی لە 1930) لە مەر هەڵسوکەوتی بریتانیای مەزن لە عیراق و ئەو سیاسات و تەرتیبانەی کە لەو هەڵوێستەدا کوردی لەو وڵاتە بە توندی پەیوەندیدار کرد وە کاریگەری راستەوخۆیان خستە لەسەر چارەنووسی کورد لەو وڵاتە و دۆزەکەی. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی رێککەوتنی ناسراو بە هاوپەیمانی عیراقی–بەریتانی ساڵی 1930 کورد و کێشەکەی لە عیراق بردە قۆناغێکی تر کە بە گشتی دەتوانرێ وەك پاشەکشەیەکی سیاسی بۆ کورد بخوێندرێتەوە. لە راستیدا نەك هەر خوێندنەوە لە ئاستی تیوریدا بەڵکو بە ئەزموون سەلمێندرا کە پشتگیریکردنی بریتانیا بە هەموو توانا سەربازیەکەی لە عیراق وە لەوێشدا هێزی ئاسمانی بۆ شکستپێهێنان بە بزاڤی بارزان لە پایزی 1945 رێك تەرجومەی بە پراکتیکی هاوپەیمانیەکەی 1930 بوو. چوونکە زۆر بە کورتی، بە پێی ئەو هاوپەیمانیە دەبوایە بریتانیای مەزن بەرگری لە عیراق بکات بەرامبەر هەر هەرەشەیەکی دەرەکی یا ناوەخۆیی. بە پێی لۆژیکی بەکاربردنی مێژوو بۆ تێگەیشتنی سیاسەت و حاڵەتە سیاسیە هەنوکەییەکان گرنگە بگەڕێینەوە دوێنێی عیراق و سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانیای مەزن بۆ تێگەیشتنی زۆرێك لە کێشەکانی ئەوڕۆ و سبەینێی عیراق و سیاسەتی ئەو کاتی بەریتانیای مەزن لە لایەك وە تێگەیشتنی سیاسەتی ئەمریکا لە ئەمڕۆی عیراق و سبەینێیەکەی.

بەم پێشینەیە من ئەوەم نەگوتووە کە مێژوو بە زەروورەت دووبارە دەبێتەوە لە حاڵەتی ڕێککەوتنی عیراقی-ئەمریکیدا ، نەخێر. بەڵکو ئەو لەیەکچواندنە هەر نەبێ هەندێك شتی پێویستمان پێدەڵێ کە گرنگترینیان ئەوەیە کە پێویست ناکات کورد هەر بە خۆشبینیەوە لە ڕێککەوتنی ئەمریکی-عیراقی بڕوانێ بەڵکو بگرە هەندێ لایەنی نیگەرانئامێزیشی لەبەرچاو بگرێ، هەرنەبێ بەر لە ئەوەی ئەسلەن شێوەو ناوەڕۆکی هەرە کۆتایی ڕێککەوتنەکە دەرکەوتبێ. وە هەروەها بە نیگەرانی و نیشانەی پرسیاریشەوە لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیار و ستراتیژیەدا کار بکات.

بەشەکەی تری پێشینەی مێژوویی ڕێککەوتنەکەی عیراق و ئەمریکا پەیوەندی بەو گۆڕانکاریە مێژووییەوە هەیە کە بەسەر هاوسەنگی هێز لە ئاستی گلۆباڵیدا هاتووە دوای تەواوبوونی جەنگی سارد و خواستی ئەمریکا لە سەر لەنوێ خەملاندنی سیستەمی جیهانی لەسەر بنچینەی هەیمەنەی ئەمریکی. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ هەرنەبێ ئاماژە بەو بیروبۆچوونانە بکەین کە لە ئەمریکا دەرکەوتن پەیوەست بە تەواوبوونی جەنگی سارد، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی 1990کانەوە کە بە ئاشکرا بانگەشەی گرنگی و ستراتیژیبوونی جێگیربوونی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (یا بە مانایەکی تر بڵێین ڕۆژئاوای ئاسیا بە گشتی) دەکرد. بێگومان ڕووداوەکانی 11ی سیپتەمبەری 2001 و شەڕی ئەمریکا لە 2003 وە کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن دەرفەتێکی زێڕبن بوو کە زۆرێك لە ئەندازیارانی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی خەونیان بە ڕوودان و فەراهەمبوونیەوە دەدیت.

## جوگرافیای سیاسی ڕێککەوتنە ستراتیژەکە

کاتێك باس لە جوگرافیای سیاسی ڕێککەوتنەکەی عیراق و ئەمریکا دەکەین مەبەست جوگرافیایەکی نەگۆڕ نیە بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە جوگرافیایەك کە بە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانکاری بەردەوام لە ڕوانگە سیاسیەکاندا (لە پەیوەندیە شاقۆڵی و ئاسۆییەکاندا) گۆڕانکاری بەردەوام بەخۆوە دەبینێ. لەم بارەیەوە زۆر بە کورتی دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێك توخم بکەین کە لە خوێندنەوەیەکی ژیوستراتیژیانە و جوگرافیای سیاسیدا زۆر گرنگن.

عیراق دەکەوێتە یەکەیەکی جوگرافی گەورەتر (پاکستان تا باکووری ئەفریقیا) کە تیایدا کۆمەڵێ دیاردە و ڕوانگەی گرنگ هەن کە دواجار لە کۆیاندا گرنگی عیراق و مانەوەی دوورخایەنی ئەمریکا لەوێ دەردەکەوێ. هەندێك لە ڕاستی و ڕوانگە سیاسیەکانیش ئەمانەن: 1) بوون و ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل؛ 2) سەرچاوەی دەوڵەمەندیی نەوت و گاز؛ 3) ژمارەیەك ڕژێمی دۆست بە ئەمریکا؛ 4) ترس لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی وە زۆر بە تایبەتیش ترس لەوەی کە ئێران ئەو چەکە بەدەست بهێنێ؛ 5) شەڕ دژی تێرۆر، وە بە تایبەتی لە پێکهاتەی پاکستان-ئەفغانستاندا، وە لەویچدا بە تایبەتی ئەگەری ئەوەی کە ئەلقاعیدە دەستی بگاتە چەکی ئەتۆمی؛ 6) ئەگەر لەتەشەنەبوونی زیاتری پەیوەندیەکانی ڕوسیا و ئەمریکا؛ 7) خەتەری فاکتەری شیعەگەرایی بە تایبەتی لە پەیوەستەگی پرۆژەی هێژەمۆنی (باڵادەستی!) ئێراندا.

هەڵبەتە لێرەوە زۆر گرنگە ئەوە بگوترێ کە گرنگی و هەستیاری ئەو خاڵانە ڕاستەوخۆ کوردستانی مەزن وە لەوێشدا باشووری کوردستان (کە لێرەدا زێتر بابەتی باسە) بە توندی پەیوەندیدار دەکەن بەڵام بە یەك جیاوازی گەورەوە: تا ئەو ڕۆژەی گرنگیە ستراتیژتەکانی کوردستان لە چوارچێوەو پەیوەندیەکانی وڵاتانی عیراق

و ئێران و تورکیا و سوریادا مامەڵە بکرێن ئەوا ئەو گرنگیەی کوردستان نەك باش وە راستەوخۆ بۆ کورد بەخۆی ناگەڕێتەوە بەڵکو ئەگەری ئەوەش جدییە کە بۆ کورد بە زەرەری چارەنووسساز و کوشندەش بگەڕێتەوە، هەر وەك لە رابردوودا روویداوە. ئەوەش رێك ئەو ترس و نیگەرانیەیە کە من هەمە لە ئەو رێککەوتنە ستراتیژیەی کە لە فۆرمگرتندایە لە نێوان ئەمریکا و عیراق. بە مانایەکی تر تا گرنگی ستراتیژی باشوری کوردستان وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە عیراقێکی یەکپارچە بنرخێنرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکرێت ئەوا بە ئەگەری زۆر لایەنی عەرەبی عیراق ئەو روانگەیە بەکاربهێنێ بۆ زێتر و توندوتۆڵتر گرێدانی باشووری کوردستان بە بەغداوە، وە ترسی جدییش ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکی هەرنەبێ لاری لەوە نەبێت !

## کورد لە بنەماکانی رێککەوتنی ستراتیژیدا

بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی گفتوگۆکانی عیراق و ئەمریکا دەربارەی رێککەوتنی ستراتیژی لە ماوەی ساڵی رابردوودا، بە شێوەیەکی سەرەکی، پێ لە ئەو رێککەوتنە (یا ئەو راگەیاندنی پرەنسیپان)ە هەڵدەگرێ کە ساڵی پار لە نێوان سەرۆك وەزیرانی عیراق (نوری ئەلمالکی) لە لایەك وە جورج بوش سەرۆکی ئەمریکا لە لایەکی ترەوە مۆرکرا. ئەم رێکەوتنەی مالکی–بوش (کە لە رۆژی 26\11\2007 راگەیەندرا) لە سێ بەش پێکدێت: بەشی سیاسی و دیپلۆماسی و کولتوری بە 7 بەند؛ بەشی ئابووری بە 8 بەند؛ وە بەشی ئاسایش بە 3 بەند.

لە نیگا و خوێندنەوەیەکی بە پەلە لە تەواوی ئەو رێککەوتنە دەتوانین بە گشتی تێبینی بکەین کە تایبەتمەندییە کوردستانیەکان، واتە نە وشەی کورد نە کوردستان وە نە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بە هیچ شێوەیەك ناویان نەهاتووە. جگە لەوەش بە ئاماژە بە سیستەمی سیاسی لە عیراق لە بەندی یەکەمدا (بەشی سیاسی...) باس لە سیستەمی دیمۆکراتی لە عیراق دەکرێ بەبێ ئەوەی لە هیچ بەندێکی ئەو رێککەوتنەدا ئاماژە بە سیستەمی فیدرالی بکرێ. لە کاتێکدا ناکرێ ئەوە بە دوور بگرین کە لە لایەنی عیراقییەوە ئەوە بە تەعەممود و ناپاکی لە نیەتدا نەبینرێ. لە لایەکی ترەوە قەبوڵکردنی ئەو حاڵەتە (واتە دارشتنی بەندەکان بەبێ هیچ ئاماژەکردن لە بەندەکاندا بە سیستەمی فیدرالی) لە لایەن ئەمریکاشەوە دەکرێ هەرنەبێ وەك رێکبوونی ئیدارەی ئەو وڵاتە لەگەڵ بۆچوونێکی عیراقی–عەرەبی بخوێندرێتەوە. بەرامبەر ئەم حاڵەتە دەبێ، هەر نەبێ، دوو شت بووروژێنین: 1) لایەنی کوردی لە عیراق هۆ و بەهانەیەکی بە هێزی هەیە کە بە نیگەرانیەوە نەك هەر لە روانگەکانی ئەو رێککەوتنەی مالکی–بوش بڕوانێ و لێی نزیکبێتەوە بەڵکو زۆر گرنگیشە کە بە گومان و نیگەرانیەکی زۆریشەوە لە ناوەڕۆك و شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو گفتووگۆیانەی کە بە چڕی لەسەر پێن بۆ بەرهەمهێنانی رێککەوتنی ستراتیژی درێژخایەن لە نێوان عیراق و ئەمریکا نزیکبێتەوە... 2) بەئاکامگەیشتنی رێککەوتنی مالکی–بوش بەو شێوەیەی کە هەیە جارێکی تر بە توندی نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر رۆڵی کورد، وە بە تایبەتی رۆڵ و کارابوونی نوێنەرانی کورد لە بەغدا. لە راستیدا تەنها بەر لە چەند رۆژێك لە ئێستا لە رێگای سەرچاوەیەکی ناو خودی هاوپەیمانی کوردستانی ئەوە بۆ خودی نووسەری ئەم وتارە پشتراستکرایەوە کە ئەو هاوپەیمانیە لە دوورو نزیك لە ناو خۆیاندا گفتوگۆیێکیان دەربارەی ئەو رێککەوتنەی مالکی–بوش نەکردوە.

له راستیدا راگەیاندنەکانی مالکی لە رۆژانی دواییدا تایبەت بە ئەگەری مامەڵەکردنی تایبەتمەندیە کوردستانیەکان بە تایبەتی حەساسیەتی ئەو دەربارەی ئەگەری دامەزرانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە کوردستان ئەو شێوە تێگەیشتنەی سەرەوە لە مەر رێککەوتنی مالکی-بوش تا رادەیەکی زۆر پشتراستدەکاتەوە. ئەوەتا مالکی بەوەش ناوەستی بەڵکو لیژنەی عیراقی بۆ گفتوگۆ دەربارەی رێککەوتنی ستراتیژی لە کورد "*پاکدەکاتەوە*". لە لایەکی ترەوە لێرەو لەوێ هەندێ دەنگی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان لە رۆژانی دواییدا بەرزبوونەتەوە کە مەبەستیان گوناهبارکردنی لایەنی کوردیە بەوەی کە ئەو لایەنە هەوڵ دەدات کە عیراق رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا مۆر بکات بە مەبەستی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق.

جگە لەوەشی کە ئاماژە بە هیچ تایبەتمەندی کوردی و سیستەمی فیدرالی نەدراوە دەتوانرێ هەرنەبێ دوو لە بەندەکانی رێکەوتنی مالکی-بوش راستەوخۆ دژ بە کورد بەکار بێن. لە بەندی 1 بەشی (سیاسی و دیپلۆماسی و کولتوری)دا هاتووە: "پشتگیری لە حکومەتی عیراقی لە پاراستنی سیستەمی دیمۆکراتی لە عیراق لەو مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە بەرەوڕوویان دەبێتەوە". لە راستیدا دەکرێ ئەو بەندە بە ئاسانی دژی کورد بەکاربێت ئەگەر بۆ نموونە سبەینێ لەو ناوچانەی کە کوردیان لێدەردەکرێ یا لێیاندا زۆری بۆ دێت لە لایەن حکومەتی بەغداوە کورد بەرگری لە خۆی بکا. ئەوە هەرنەبێ تێگەیشتنێکی عیراقی-عەرەبیە کە خۆی لە ناو روحی ئەو بەندەدا حەشار داوە. وە هەر ئەوەشە وامان لێدەکات کە هاوپەیمانیەکەی عیراق و بریتانیای مەزنی (ساڵی 1930) بیربخەینەوە.

لە بەندی 2 بەشی (لایەنی ئاسایش) هاتووە: "یارمەتیدانی حکومەتی عیراق لە هەوڵەکانیدا بۆ بەرەوڕوبوونەوەی هەموو گروپە تیرۆریستیەکان وە لە پێش هەموویانەوە رێکخراوی قاعیدە و سەدامیەکان و هەموو ئەو گروپانەی چەکداری نایاسین....". بە باوەڕی من لە هەندێ حاڵەتدا هێزە چەکدارە کوردیەکان، هەر نەبێ لە بۆچوونی عیراقی-عەرەبییەوە، وەکو "گروپی چەکداری نایاسایی" تەماشا بکرێن و هەر ئەوهاش مامەڵەیان بکرێ ئەگەر سبەینێ بەرەوڕووی تەوژمی عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی بەغدا ببنەوە؛ بە تایبەتی ئەو ناسیۆنالیستانەی کە نەك کەرك و خانەقین بەڵکو شاخەکانیش بە کورد رەوا نابینن، لە راستیدا هەندێکیان (با ئەوانە ژمارەشیان کەم بێت) مافی ژیانیش بە کورد شایستە نابینن. جگە لەوە لە دەربڕینێکی وەکو "هەموو گروپە تیرۆریستیەکان"، کە لەو بەندەی سەرەوە هاتووە، هەر نەبێ پارتی کرێکارانی کوردستان پارێزراو نیە. پرسیار ئەوەیە ئایا بە پێی ئەم تێگەیشتنە سبەینێ کورد لە عیراق بەرەوڕوو بوونەوەیەکی خوێناوی لەگەڵ کوردانی باکوور بکات وەکوو بەشێك لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی عیراقیدا، یا هەر نەبێ بەبەر چاوی کوردەوە لە باشووری کوردستان هێزە چەکدارەکانی عیراق ئۆپەراسیۆنێکی لەو جۆرە پیادەبکەن؟

دەرەنجام، زۆر بە کورتی و بە چڕی لە "رێککەوتنی" مالکی-بوشدا کورد نەك هەر شەریکێك نیە کە وەك شەریك خوێندرابێتەوە و حسێبی بۆ کرابێت بەڵکو لە هیچ کوژبنێکی ئەو رێککەوتنەدا بوونیشی بەرچاو ناکەوێت !

## گفتوگو ستراتیژیەکان لە زەمەنێکی تردا

ئەو گفتوگۆیانەی کە لەسەر پێن لە نێوان عیراق و ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی هاوپەیمانیەکی دریژخایەن، لە رۆژانی دواییدا چڕبوونەتەوە و پرۆسەکەش بووەتە هۆی کاردانەوەی جیا جیا لە ناوەندە سیاسەکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی سەرنجراکێش لایەنی کوردی رەسمی ئەو کاردانەوە پێویستەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین باس لە چەند راستیەکی پەیوەندیدار بکەین: 1) بەگشتی لایەنی کوردی هەڵوەستەیەکی پۆسەتیڤانەی لەو گفتوگۆیانە (وە زۆر بە تایبەتیش مانەوەی هێزە ئەمریکیەکان بۆ ماوەی دوور و درێژ لە عیراق) بە ئاشکرا و شاردراوە دەربڕیوە. ئەو هەڵوەستەیە نیگەرانئامێزە نەك دڵخۆشکەر. چوونکە بەرهەمهاتنی رێکەوتنێکی ستراتیژی درێژخایەن دەکرێ نەك هەر تایبەتمەندیەکانی روانگەی سیاسەتە کوردیەکان و بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو نەگرێ بەڵکو ئەو رێککەتنە بەکاربێت بۆ بەهێزتر و توندوتۆڵتر گرێدانەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە و کاڵکردنەوە و سنووردارکردنی دەستکەوتەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان. بە باوەڕی خۆم لایەنی عەرەبی لە عیراق تا بۆی دەکرێ کار دەکات بۆ ئەوەی کورد بێ چارە بهێڵێتەوە لەو رێککەوتنەدا و روانگەی سیاسی کوردی لە عیراقدا بێڕەنگ بکرێ و ئیختیزال بکات؛ 2) ئەو گفتوگۆیانە لە کاتێکدا چڕ دەبنەوە و کاردانەوەکانیش هاوتەریب چڕ دەبنەوە کە تیایدا بەرەوڕوو بوونەوەی بەغدا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان خەستییێك و ئاستێکی تایبەتی بە خۆیەوە دەبینێ. ئەوە ناکرێ وەکوو سودفە تەماشا بکرێ ئەوەیە کە پێویستی پێویستی ئەمریکا بە وە پێداگرتنی لەسەر مۆرکردنی ئەو رێککەوتنە لە لایەن عەرەبەوە لە بەغدا بەکار دێت، یا سوودی سیاسی لێوەردەگیرێت، بۆ تەنگ بە کورد هەڵچنین. لەوە دەچێ لەو "گەمەیەشدا" لایەنی عەرەبی برەوە بێت لە دوو قۆلەوە؛ یەکێکیان تا دەکرێ فەرزکردنی بۆچوونی خۆیان (واتە هی لایەنی عەرەبی) لە گفتوگۆکانی پەیوەندیدار بە رێککەوتننامە ستراتیژیەکە وە ئەوەی تریشیان هەرنەبێ بێلایەنکردنی ئەمریکا لە ململانێی کورد و بەغدادا، ئەوە ئەگەر ئەسلەن بەغدای عەرەبی هەوڵی ئەوەش نەدات کە پشتگیری ئەمریکا لەو ململانێیەدا بۆ هەڵوێستی خۆی مسۆگەر بکات بەرمبەر بە دانی هەندێ هێمای عەرەبی بە قەبووڵکردنی رێککەوتنەکە. لەو بارەیەوە وە گرێدراو بەم بۆچوونەوە من باوەڕم وایە کە رووداوەکانی قەرەتەپە و یاسای 24 و زۆر رووداوی تر دەچنە خانەی تاکتیکێکی سیاسی کە لەوە دەچێ بەشێك بن لە بۆچوون و ستراتیژێکی عەرەبی فراوان و هەمەلایەن لە کات و ساتێکی زۆر هەستیار و تایبەتدا. بە مانایەکی تر ئەو دەنگانەی (رەسمی و نارەسمی) کە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم رووداوانە وەك "سروشتی" یا چەند رووداوێکی دابڕاو و دابڕاو لەیەکتر بدەنە ناساندن دەکەونە هەڵەیەکی کوشندەوە. بە بۆچوونی خۆم مەبەستی بەغدای "عەرەبی" پاڵدانی کوردە بۆ ئەو هێڵەی کە بۆ دەسەڵاتی کوردی لە دەستووردا دیاریکراوە کە ئەویش دەسەڵاتی کوردییە لەو جێگایانەی کە لێیبوو تا 2003\3\19 واتە تا رۆژێك بەر لە دەستپێکردنی رەسمی شەڕی ئەمریکا دژی عیراق. جا ئەوە باسێکی ترە کە ئایا لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو دەبێ یان نا؛ 3) هاوکات لەگەڵ زێدەبوونی سەرقاڵی ئیدارەی ئەمریکی بە فایلی ئێرانەوە پێویستی مانەوەیەکی ستراتیژی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق زێدە دەکات، بەڵام بەرامبەر ئەمەش فشاری ئێران لەسەر هەرنەبێ سەرکردە شیعەکانی عیراق زێدە دەکات لە دژی خواستی ئەمریکا بۆ مانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ؛ 4) لە دیدێکی ئەمریکیەوە زیدەبوونی ناڕوون و بگرە نیگەرانئامێز لە پێشوەچوونە سیاسیەکانی ناو پاکستان و خەستبوونەوەی هەوڵەکانی تالیبان نەك هەر لە ئەفغانستان بەڵکو لە پاکستانیش، بۆ فەرزکردنی ئەگێندای ئەو رەوتە، زەرووڕەتی پێداگرتنی

ئەمریکا لە عیراق زێدەتر و زێدەتر دەکات؛ 5) ئیدارەی بوش تا بۆی دەکرێ بە ئەگەری زۆ لە رۆژانی داهاتوودا هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی گفتوگۆکان و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە بەر لە تەواوبوونی ولایەتی بوش، بەڵام لەوە دەچێ ئەو ئەنجامە لە باشترین حاڵەتدا بەرەورِووی ئەگەری قەبووڵنەکردنی رێککەوتنەکە ببێتەوە لە هەردوو حاڵەتی کۆنگرێس و پەرلەمانی عیراقدا.        بەڵام بە باوەڕی خۆم تا ئەو جێگەیەی شتەکە لەسەر قەبوولکردنی کۆنگرێس وەستابێ ئەوا لەگەڵ جیاوازی بۆچوونەکان لە ئەمریکا تا ئێستا دەربارەی شەڕی عیراق، وە لەگەڵ ئەگەری ئەوەی ئایا ئۆباما یا مەکین لە هەڵبژاردنەکاندا دەباتەوە، ئەوا دیسانەوە دژایەتی لە دوورینەوەی بەری شەڕی ئەمریکا لە عیراق وە چۆنیەتی ئەو دوورینەوەیە کەمتر ناکۆکی لەسەر دەبێ لە نێوان دیمۆکراتەکان و کۆماریەکان. بەم مانایەش ئەوانەی گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە دیمۆکراتەکان یا ئیدارەی ئۆباما (ئەگەر ئەو برەوە بوو) قەبووڵی رێککەوتنێکی ستراتیژی بە مانەوەی هێزی ئەمریکی بۆ ماوەی دوورو درێژ ناکەن، ئەوانە گرەوەکەیان بە ئەگەری زۆر دۆڕاو دەبێ. لە لایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە بەهێزە کە بابەتی قەبوولکردنی رێککەوتنێك کە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی دوورو درێژ ببێتە هۆی گرژیەکی سیاسی زۆر لە نێوان هێزە سیاسیە عەرەبیەکانی عیراق دروستبکات بە رادەیەك کە لەوانەیە نەخشەی هاوپەیمانیە سیاسیەکان (لە پەیوەستەگی عەرەبیدا) گۆڕانی جدی بەسەردا بێت و بەم پێیەش قەبوولکردنی رێککەوتنەکە لە پەرلەمان زۆر ئاستەم بێت.

## لایەنەکانی گەمە: هەڵوێست و ئەگەرەکان؟

لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی رێککەوتنێکی درێژخایەن دەکرێ باس لە چوار لایەنی سەرەکی بکرێ (ئەمریکا، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد).بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی تریش پۆلێنەکە بکەین، ئەم جارەیان ئەمریکا لە لایەك وە عیراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە لایەکی ترەوە. جگە لەوانەش ناکرێ لە ئاستی ئیقلیمیدا ئاماژە بە رۆڵی گرنگی ئێران نەکرێت، بە تایبەتی لە رێگەی کاریگەری ئەم وڵاتە لەسەر لایەنی شیعە لە عیراق.

به نیگایەکی گشتی بە هەڵوێست و گرنگی لایەنە عیراقیەکاندا (سونە، شیعە وە کورد) دەتوانین بڵێین کە سونە و شیعە هەردوکیان پێگە و کاریگەریان لە کورد زیاترە لەسەر رەوت و چارەنووسی گفتوگۆکان بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی رێککەوتنێك لەگەڵ ئەمریکا. لایەنی کوردی، هەرچەندە ئامادەیی هەیە لە بەغدا، بەڵام کاریگەریەکەی پەراوێزەو لە بەپەراوێزکردنێکی بەردەوامش دایە. ئەم جیاوازیەش لە رۆڵ و کاریگەری لە چەند فاکتەرێك پێهەڵدەگرێ: 1) شیعە قوڵاییێکی ئیقلیمی هەیە کە ئەویش ئێرانە وە هەوڵ دەدات سوود لەو قوڵاییە وەرگرێت (ئەگەر تەنها بە هێما و ئاماژەش بێت) لە هاوسەنگی هێزدا بەرامبەر ئەمریکیەکان. قوڵایی سونەی عەرەبیش وڵاتانی عەرەبیە بە تایبەتی هەندێك لەوانە؛ سونەش بە دەوری خۆی سوود لەو قوڵاییە وەردەگرێ لە هاوسەنگیەکانی هێزدا. ئەوەی دەمێنێتەوە کوردە کە خودی هیچ قوڵاییەکی ئیقلیمی ئەوتۆ نیە، بگرە هەر خۆیشی خۆی بە بێ چارە دەبینێ. لە دەرەنجامدا ئەمریکیەکان حسێب بۆ ئەو هاوسەنگیە (یا راستتر بڵێین ناهاوسەنگیە) دەکەن لە خەمڵاندنی سیاسەتەکانیان؛ 2) مەسەلەیەکی تریش بوون لە ناوەند (با بڵێین لە بەغدا) بە کاریگەرییەوە یا دژەکەی، بە کاریگەری کەمترەوە: بە باوەڕی خۆم لەگەڵ ئامادەیی کوردیش لە ناوەند

لە 5 ساڵی دواییدا بەڵام کاریگەری و جێی پەنجەی بە رادەی پێویست بە مەسەلە هەرە چارەنووسەسازەکاندا دیار نەبووە. من گومانم لەوەدا نیە کە لە ماوەی داهاتوودا هەوڵی شیعە و سوننە بۆ پەراوێزخستنی کورد رشتتر و چڕتر دەبێتەوە، ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتێکی فراوانتر وە بە ئامانجێکی دوور و درێژتر؛ 3) یەك شت دەمێنێتەوە کە ئەویش یەکانگیر بوون لەگەڵ خواستی ئەمریکایە بۆ مانەوەی دوور و درێژتر یا پێچەوانەکەی واتە دژایەتیکردنی ئەمریکایە لە مانەوەی سەربازییدا لە عیراق بۆ ماوەیەکی دوور و دریژ. بە باوەڕی من لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا هەر زوو لایەنی کوردی بۆچوونی خۆی بەلای قەبوولکردنی ئەو مانەوە دوور و درێژەدا ساغکردۆتەوە. بەڵام هەڵوێستی لایەنی سوننە و شیعە (بە تایبەتی هی شیعە) زیاتر ئەگەری دژایەتی هەڵدەگرێ تا قەبوولکردن. دیارە گرنگی ئەو رەهەندە زۆرتر بەندە بە پرسیاری رازیبوونی ئەمریکا بە کشانەوەی بەتەواوەتی هێزەکانی لە عیراق (بۆ نموونە لە کۆتایی 1911) یان نا.

دیارە لە گۆشەبینینێکی کوردیەوە دەکرێ (وەك روونکردنەوە بۆ خاڵی هەرە دوایی لە سەرەوە) بڵێین کە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان هەر زوو، بە ئاشکراکردنی هەڵوێستی پۆسەتیڤانەی خۆی لە مەسەلەی مانەوەی دوورو دریژی هێزی ئەمریکا لە عیراق، دوو زیانی لە خۆی و هەڵوێستی هەرە کۆتایی خۆیدا، هەڵوێستێك کە دەکرا لە درەنگتر (یا راستتر بڵێین لە کاتی موناسب) ئاشکراکردنیدا زۆر سوودبەخشتر بوایە بۆ کورد خۆی. جگە لەمەش بە زوو ئاشکراکردنی هەڵوێستی خۆی تورەییەکی ناپێویستی لایەنی عەرەبی بۆخۆی هێنا وە بەم شێوەیەش خۆی مەحرومکرد لە بەکاربردنی کارتێك بەرامبەر لایەنی عەرەبی. بە بۆچوونی خۆم هەوڵی دوورخستنەوەی توخمی کوردی لەو گروپە عیراقیەی کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکیەکان دەربارەی رێککەوتنی ستراتیژی دەکەن تەنها بە مەبەستی کەمکردنەوەی رۆڵی کورد نیە بە گشتی لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵکو دەتوانی رەواندنەوەی ترس و نیگەرانی لایەنی عەرەبی بێت لەوەی کە کورد هەر زوو هەڵوێستی پۆزەتیڤی ئاشکرایە و بەو مانایەش هەوڵدەدات بۆ بەئەنجامگەیاندنی خواستی ئەمریکیەکان بۆ ماوەی دوورو درێژ لە عیراق. لەبەر ئەوە، بە باوەری خۆم، کورد دەبوایە هەڵوێستی خۆی هەر وەها بە سوك و ئاسانی بەو ئاشکرایی و روونیە نەدایەتە دەست بەڵکو تا بیتوانیایە بیپارێزێت تا کاتی هەرە پێویست. هەر لەو سۆنگەیەوە هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە لایەنی ئەمریکیش بەهێزتر دەبوو ئەگەر تا ماوەیەك ئەو هەڵوێستە بە ناڕوونی بمابایەتەوە. چوونکە ناڕوونی لەو هەڵوێستەدا دەیتوانی وا لە لایەنی ئەمریکی بکات کە ئەو شتە بکەن کە پێویستە بۆ زامنکردنی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ لە کورد.

## چ سیناریۆیەك ؟

لە باسێکی ئەوهادا دەکرێ مرۆڤ باس لە کۆمەڵێك سیناریو بکات کە دەکرێ بخەملێنرێن بنا لەسەر ئەگەر و پێشوەچوونی جۆراوجۆر، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە عیراق و ئەمریکاوە هەیە. لەو بارەیەوە بەرهەمنەهاتنی رێککەوتننامەیەکی درێژخایەن تا کۆتایی ئەم ساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتوو (کە تیایدا دەرفەتی یاسایی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەسەر دەچێت، چوونکە ساڵی جارێك نوێدەکرێتەوە، وە ئیدارەی بوش دەگۆڕێت) بەرهەمنەیەت ئەوا پرۆسەکە دەها بە زەحمەت دەکەوێت.

سیناریۆیەك لەوانەی كە دەبێ بە كراوەیی بمێنێتەوە، هەرچەندە ئەگەرەكە لاوازیش بێت، ئەوەیە كە ئەمریكا لەگەڵ عیراقی عەرەبی بە بنبەست بگات وە بە هیچ شێوەیەك لایەنی عەرەبی رازی نەبێت (نەبن) بە مانەوەی دوورو درێژی هێزەكانی ئەمریكا لەسەر بنەمای رێككەوتنێكی ئەمنی دوورخایەن، ئەوا ئەو كاتە بە ئەگەری زۆر ئەمریكا، بۆ ئەو مانەوەیەی خۆی، پەنا بباتە بەر كوردستان. بەڵام بەرەو رووی ئەو ئەگەرە دەبێ هەردوو لایەنی كوردی و ئەمریكی ئەوە بزانن كە ئەو تەرتیباتە فیدرالیەی كە لە دەستوری عیراقدا هێڵی بۆكێشراوە رێگا بە دەسەڵاتی كوردی نادات لە یەك لاوە (واتە بەبێ بەغدا) فەرمووی مانەوە لە چوارچێوەی رێككەوتنێكی ئەمریكی—كوردستانیدا لە هێزەكانی ئەمریكا بكات. هەڵبەتە دەبێ ئەو ئەگەرەش لەبەر چاو بگیرێ كە لایەنی عەرەبی لە عیراق هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی رێگە لە پێشوەچوونێكی ئەوهاش بگرێت.

---

⋆ لە نووسینی ئەم بابەتەدا سوود لە كۆمەڵێك سەرچاوە وەرگیراوە.